# دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، ڕۆڵی کۆمپانیاو دەوڵەتانی بیانی و ڕۆژئاوایی لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا

ئەمیر قادر

**کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان:**

ئەگەر لەم پێناسە سەرەتاییەی جینۆسایدەوە دەستپێبکەین کەلەبەندی دووی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکانی ساڵی ١٩٥١دا هاتووە، کەبەم شێوەیە پێناسەی دەکات (هەریەك لەم کردەوانەی کەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لە نەتەوەیەك یان ئێتنیکێك یان تیرەیەك یان گروپێکی مەزهەبی، لەچەشنی لەناوبردنی تاکەکەنی ئەو گروپە، سزادان و زیان لێدانی جسمی و ڕۆحی لەو گروپە، سازدانی بارودۆخێکی نالەباری وابۆ ئەوگروپە کەئامانج لێی لەناوبردنی فیزیکی هەمووگروپەکە یان بەشێکی بێت، سنووردانان یان بەرتەسك کردنەوەی منداڵ بوون و گەشەکردنی گروپێك، بەزۆر ڕاگوێزان یان گواستنەوەی یان کردنی منداڵانی سەر گروپێك بە گروپێکی تر).

ئەگەر بەم پێوەرە سەیری لانی کەمی مێژووی عێراق و دەوڵەتی عێراقی و ڕژێمەکانی بکەین و زۆر قووڵ نەبینەوە لەمێژوودا، تەنها لەساڵی ١٩٦١ بەدواوە سەیر بکەین و بکرێت سەرنجێکی کورت لەهەندێك حاڵەت بدەین نەك هەموو حاڵەتەکان دەتوانین لانی کەم لیستێکی بەم جۆرەمان دەستبکەوێت:

١- دەوڵەتی قاسم لەساڵی١٩٦١ تا ١٩٦٢، بەپاڵپشتی زۆرینەی سوپای عێراق ١٥٠ دێهاتیان لەکوردستاندا سوتاند و لەگەڵ زەویدا تەختیان کردن، زیاتر لە ٣٠٠٠ ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیل کوژران و بەهەزاران خێزان و ماڵ ئاوارەو سەرگەردان بوون.

٢- لەگەڵ هاتنەسەردەسەلاتی بەعسیەکاندا، هەر لەساڵی ١٩٦٣وە کۆمەڵ کوژی خەڵکی کوردستان پەرەسەندنێکی بەرچاوتری بەخۆوەبینی، هەرلەم ساڵەدا لەناوچەکانی کەرکوك و هەولێردا دەیەها گوندیان سوتاند وڕوخاندو لەسەرنەخشە سڕیەوەو سەدان کەسیان لەناوبردو هەزاران کەسیشیان ئاوارەکردو داواتر ئەوناوچانەیان تەعریب کردن و لەهەموولایەنێکەوە سیمای کلتوری و دیمۆگرافیان

گـۆڕین و هـیچ سـیمایەکی کوردسـتانیان پێوەنەهێـشتن، تـەعریب کـەدواتر بووبەیـەکێك لەکۆڵەکـەکانی سیاسـەتی عـەرەبی و بەعـسیەکان لەعێراقـداو یـەکێك لەچـەکە گرنگـەکانی پاکتـاوی ڕەگـەزی و جینۆسـایدی خـەڵکی کوردسـتان لێـرەوە چـەکەرەی کـرد، هـەر لەبەرانبـەر ئەمـەدا یـەکێتی سـۆڤیەت یاداشـتێکی دایـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان و تیایـا مەسەلەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستانی باسکردبوو.

٣- لەزۆرێك لەدۆکومێنتەکاندا باس لە شالاوەکانی دەوڵەتی عێراقی کراوە لەسالانی ١٩٦٥ بـەدواوە، کەهەرلەوێـشدا بـاس لەبـەکارهێنانی گـازی ژەهـراوی دەکرێـت دژ بـە خەڵکی کوردستان و دواتر گوند سوتاندن و کوشتنی بەکۆمـەڵ لەلایـەن ڕژێمـەوە دەگاتـە ئەوپەڕی خۆی.

٤- لە دژی شۆڕشـی ١٩٧٤دا بـەعس سـەرجەم خـاك و سروشـت و خـەڵکی کورسـتانی کردبوو بە ئامانج، بەهەزاران تەن ناپاڵم وبۆمب و چەکیان دژ بە هەرچەشنە زیندەوەرێك بەکارهێناو هـەزاران گوندسوتان و بە هـەزاران خـەڵك بوونـە قوربـانی و سـەرجەم خـەڵکی کوردسـتان ئـاوارەو سـەرگەردان بـوون، وەختێـك ڕژێـم بـەم هـەموو هێـزەوەو بـە پاڵپـشتی مۆدێرن ترین چـەکە کانی ئەوکاتـەی سـۆڤیەت و فەرەنساو غـەربو ئـەمریکادا نـەیتوانی سـەرکەوتوبێت، پـەیمان نامـەی جـەزائیری لەگـەل شـای ئێرانـدامۆرکرد، کـەناوەرۆکی ئەوپـەیمان نامەیـە بریتیبـوو لـەدانی بەبەشـێك لـەزەوی و ئـاوی عێـراق بـە دەوڵـەتی ئێـران لەبەرانبەر پشت شکاندنی شۆڕشی خـەڵکی کوردسـتاندا، کە ئاکامەکەی دواتری شـەڕی ٨ سـاڵەی عێـراق و ئێـران بـوو لەسـەر هـەمان ڕێکـەوتن و هـەر لەسـەرەتای ڕێککەوتنەکەشـداو لەگـەڵ گەیـشتنی دەسـتی ڕژێمـی بـەعس بەناوچـە شـاخاوی و دوورەدەستەکان، دەستی کرد بەسوتاندنی دێهات و ناوچـەکان و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بـۆ ئۆردوگـا زۆرەملـێ و کـۆنترۆڵ کراوەکـان، نموونـەی ناوچـەکانی ئـاوەژێ و چـنارنێ و ناوچـەکانی گەلالـەو دۆڵـی جافایـەتی و...دروسـت کردنـی ئۆردوگاکـانی ناوچـەی بازیـان بـوو، لێـرەوە سیاسـەتی ڕاگواسـتنی بـەزۆرەملێ دەسـتی پێکـرد، کەیـەکێکی تـر لـە کۆڵەگـەکانی سیاسـەتی جینۆسـایدی خـەڵکی کوردسـتانە، ئەمـە هاوکـاتیش بـوو لەگـەڵ کـۆنترۆڵ کردنـی داهـاتوو جـۆری ژیـان لـە ئۆردوگاکانـدا کەلەپەنایـدا، سیاسـەتی بـەزۆر بەبەعـسی کـردن وپاداشـت کردنـی بەعـسیەکان وسـزادانی نابەعـسیەکان وزاڵکـردن وبـەپیرۆزدانانی کـەلتور و زمـانی عـەرەبی کـە هاوکـاتبوو لەگـەڵ بەعـەربی کردنـی بـەزۆری هەموو قۆناغەکانی خوێنـدن، کـەدەکرێت بەڕوونی لـەم قۆناغـەدا کە قۆنـاغی پاشەکشەی

شـۆڕش و تێکـشکانی بـوو، زاڵ بـوون و پێـوانی هـەموو بارۆمێتـەرەکانی سـڕینەوەی فیزیکی و نەتـەوەیی وفەرهـەنگی و دیمۆگرافی بـە ئاسـانی ببینی و تیایـدا بنەماوڕەگـەزە گرنگەکانی جینۆساید ببینین.

٤- دوای وێرانکردنـی زۆرێـك دێهـاتی ناوچـەی بادینـان لەسـاڵی ١٩٨٣دا ڕژێمـی بـەعس لـەئۆردوگاکانی زۆرەملێـی بەحرکـەو قوشـتەپە ٨٠٠٠ بـارزانی سـەرنگوم کـردو لەبیابانەکانی خواروی عێراقدالەناوی بردن.

٥- هەشـت کـردەوە سـەربازیەکەی ئـەنفال لەلایـەن ڕژێمـی بەعسەوە لـە نێـوان سـاڵی ١٩٨٧. تا .١٩٨٩ بە ئامادەکاری و ئەنجامدانیەوە، کتێبی عێراق و تـاوانی جینۆسـاید، شالأوی ئەنفال دژی کورد بەم جۆرەئەم تاوانە پوخت ئەکاتەوە:

* تیربـارانکردنی بەکۆمـەڵ و سـەرنگووم کردنـی بەکۆمـەڵی دەیـان هـەزار لەخـەڵکانی شـەڕنەکەر، لەوانـە ژمارەیـەکی زۆر ژن و منـداڵ و هەنـدێ جـاریش تێکـڕای دانیـشتوانی گوندەکان.

* بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی بەربلأو، لەوانە گـازی مۆسـتەرد و گـازی ئەعساب یـان سـارین، لەهەڵەبجـەو دەیـان گونـدی کوردسـتان، کـە بـووە هـۆی کوشـتنی هەزارەهاخەڵك، کەزۆربەیان ژن و منداڵ بوون.

* وێرانکردنـــی ٢٠٠٠ گونـــد، کەلەدۆکومێنتـــەکانی حکومەتـــدا واباســـکراون کـــە: سـوتێنراون، کـاولکراون، تـەختکراون، پـاك کراونەتـەوە، وەهـەروەها بەلایـەنی کەمـەوە دەیان شارۆچکەو مەرکەزی ئیداری گەورەتر ی وەك ناحیەو قەزاکان وێرانکراون.

* بـەتێکڕایی وێرانکردنـی ناوەنـدە سـیڤیلیەکان لەلایـەن ئەنـدازیاری سـوپاوە، بـە قوتابخانەو مزگەوتو بیری ئاوو بینای تریشەوە لەگوندەکاندا کەدانشتوانیان تێدانەبوو.

* بەتالأنبردنی موڵك و ماڵ و ئاژەڵی کێڵگـەکانی خـەڵکی سڤیل بەشـێوەیەکی فـراوان لەلایەن هێزەکانی سوپاو میلیشیاکانی سەر بەحکومەتەوە.

* گـرتنی بـەگۆترەی گوندنـشینەکان لەناوچـە قەدەغەکراوەکانـدا هەرچـەندە ئەمانـە ماڵو موڵکی خۆشیان بوو.

* گـرتن و حجزکردنـی بـەگۆترەی دەیـان هـەزار ژن و منـداڵ و خـەڵکی بـەساڵاچـوو بۆچەندین مانگ لەهەلومەرجی نالەباردا بەبێ ئەمری دادگا...، کەدەیان هەزاریان بە هـۆی بەدخۆراکی و بە نەخۆشی مردن.

*بەزۆر ئاوارەکردنی سەدان هەزار لەگوندنشینەکان لەڕێگەی کاولکردنی ماڵەکانیان.

* داڕوخاندنی ئابوری و ژێرخانی دێهاتەکان.

بەسەرنجدان لەکردەوەکانی دەوڵەتی قاسمەوە لەساڵی ١٩٦١ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩و پەلامارەکانی ئەنفال و دواتر لەپەلامارەکانی بەعسدا دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١و ئاوارەیی چەند ملوێنی خەڵکی کوردستاندا، هێڵێکی هاوبەش هەیە، کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵك بەژن و منداڵ و فەرق نەکردن لەهەر پەلامارو کردەیەکدا لەنێوان چەکدارو خەڵکی سیڤیلدا، سوتاندن و وێرانکردنی دێهاتەکانو سڕینەوەیان لەسەرنەخشە، ئاوارەکردنو ڕاگواستنی خە ڵکەکان و جێگرتنەوەیان لەزۆرحاڵەتدا بە خەڵکی عەرەب و پیاوانی دەسەلات،گوڕینی دێمۆگرافیای ناوچەکان، گۆڕینی زمان و ناسیۆنالی خەڵکی کوردو بەکارهێنانی زەمینەو فشار بۆ ئەم کارەو هەموارکردنی یاسایی بۆ ئەم ئاڵ و گۆڕە..، کە ئەگەر هەر یەك لەمانە بخەینە ژێر گەردبینی پێناسەکەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەربارەی جینۆساید، مەسەلەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و فاکتەکانی بەئاسانی دەبینین، کە ئامانج لەم کردانە نەهێشتن و لەناوبردنی مێنتاڵ و فیزیکی خەڵکی کوردستانە، سەرجەم دادگاکانیش کە تائێستالەبارەی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی یان تاوانبارانی ئەم بوارە کراون بۆنمونە دادگای شاری دینهاخی هۆڵەندا تایبەت بە دۆزی بازرگانی تاوانباری چەکە کیمیایەکانی ڕژێمی بەعس فرانس ڤان ئانرات کە نزیەکەی ٣ ساڵی خایاندو تاوانبار سزای ١٧ ساڵ زیندانی وەرگرت باس لەوەدەکات کە فرانس لە دۆزێکدا بەشدارە کە بەباشی هێماکانی جینۆسایدی تیادا دیارە.

لەکاتی پێداچوونەوە بە دۆزی فرانس فان ئانراتدا لەدادگای لاهای پارێزەری گشتی و هەردوو ئۆفیسەرانی وەزارەتی داد (ئیَ.ڤان دای) و( ئێس.ئا، مینکس) لە ڕۆژی ٢٥-٠٤-٢٠٠٧ دا تاونبار فرانس ڤان ئانرات و مەسەلەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستانیان بەدورودرێژی خستەڕوو پوختەکەی بەم شێوەیەیە کە زۆر بەڕوونی پێ لەسەر جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و دەوری فرانس ڤان ئانرات داداگرەێت، هێڵی تەئکیدەکان هی منە:

(فرانس ڤان ئانرات لەسەر داخوازی سەعدولاّ فەتحی* لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا ماددەکیمیایەکانی لەوانە (تی دی جیTDG، پی ئۆ سی ئێڵ سری POCL3). لەڕێگای کۆمپانیای (سیۆرغی SEORGI) **ەوە داوە بە حکومەتی عێراق.

– ئەم دوو ماددەیە بەکارهاتوون وەك ماددەی بنەڕەتی بۆ بەرهەم هێنانی گازی ئەعساب و گازی مۆستەرد، وە ئەم گازانە لە گولەو تەقەمنیەکانی عێراقدا بەکار هاتوون.

–بڕی ئەو ماددانەی کە تاوانبار داویەتی زۆر زۆرە، لانی کەم بڕی ١١١٧مەتر تەن ماددەی (تی دی جی). ئەم بڕە بڕێکی زۆر لەوە زیاترە کە بۆ هێچ ئامانجێکی نۆرماڵ و مەدەنی بەکاربێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە تاوانبار خۆی دانی بەوەداناوە لەلای شەریك و هاوکارەکەیدا کە عێراق لەو ساڵانەدا بەهۆی جەنگەوە پیشەزایە مەدەنیەکانی نەمابوون یان زۆر زۆر کەمبوون.

–لەساڵی ١٩٨٤ وە زۆربەی وڵاتان بازرگانیکردنیان بەم ماددانەوە قەدەغەکردووە، بەهۆی ئەوەی کە زانیویانە ئەم مادانە بۆ بەرهەم هێنانی چەکە کیمیایەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

–تاوانبار لەکاتی گواستنەوەو بەڕیکردنی ئەم ماددە بنەڕەتیانەی سەرەوەدا دۆکومێنت و ناوەرۆکی شتەکانی شاردۆتەوە و تەزویریکردوون، یان مەسیری گەیشتنەکانی بەفێڵ و هەڵەداوە، شوێن و شێوەی دانی پارەکانی شاردۆتەوە یان گۆڕیوە، بە شێوەیەکی ئاگاهانە زانیاری هەڵەی داوە بەو کۆمپانیایانەی کە ماددەکانی لێیان کڕیوە، لەوانە ماددەی (تی دی جی)، تائەو ڕادەیەی کە ئەو کۆمپانیایانە (لەگەڵ پرسیاری بەردەوامیان لەسەر مەسیری ئەو ماددانە) ڕاستیەکانین لێشاردراوەتەوە کە ئەو مادانە دەنێردرێن بۆعێراق! (کە ئەمەش ژێر پێ خستنی یاسای ناودەوڵەتی بووە کە قەدە غەی ئەمەی کردبوو).

– بەهاوکاری و هۆی ئەم گازانەی فرانس ڤان ئانراتەوە (مۆستەرد و گازی ئەعساب) لانی کەم دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی لە عێراق و ئێران، بەکاریگەریەکانی ئەم چەکانە تائێستاش هەزاران کەس دەناڵێنن و پەکیان کەوتووە.

–لە عێراقدا بەکارهێنانی ئەم گازە ژەهراویانە دەورێکی گرنگیان لە کەمپەینی جینۆسایدی کوردەکاندا بووە کە بەم هۆیەوە سەدان هەزار کورد لە دێهاتەکانیان دەرپەڕێنراون، لەناوبردراون، بەهۆ و بەرئەنجامی ئەم بۆمبابارانکردنانە دواتر ڕەمی کراوون یان لەکەمپەکاندا دەستبەسەربوون کە ئامانج لەناوبردنیان بووە.

–ئەم کەمپەینی جینۆسایدە ئەنجامەکەی لانی کەمی چەندین هەزار کوژراو و قوربانی لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆی لەناوبردنی ڕاستەوخۆی زۆربەی دیهاتەکانی کوردستانی عێراق.

–ئەگەر ئەو نەیزانیبێت و ئەوە بڵی كە ئاگادارنەبووە گازی مۆستەردو ئەعساب لە لایەن عێراقەو لە شەڕدا دژ بەئێران بەكارهاتووە بەشێوەیەكی بەربڵاو، ئەو ئاگاهانە چاوی خۆی لە بەرانبەر ئەم ڕاستیەدا دادەخات، ئەگەر ئەو نەیزانیبێت و ئەوە بڵی كە ئاگادارنەبووە كە كوردەكان لەعێرقدا بەشێوەیەكی بەرفراوان هەڵاوردراون، لەسەرماڵ و مڵكیان بەزۆر دەركراون، لە كەل و پەلە زۆر سەرەتاییەكانی ژیان بێبەشكروان، كوژراون، وە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧وە بە گازی مۆستەرد و ئەعساب بۆمبابارانكراون، تاونبار زۆر ئاگاهانە چاوو گوێی لە بەرانبەر ڕاستیەكاندا داخستووە، بەو هۆیەی كە ئەوكات زۆر بەفراوانی لە میدیاكاندا ئەم شتانە هەبووە وە ئەویش ئاگاداربووە، ئەویش وەك بازرگان دەبوو وە ئەرك بوو لەسەری كە دەبوو ئەوە بزانێت كە نەدەكرا بارەكانی ئەو وە چەكەكانی ئەو بدرێن بە عێراق.

– تامانگی ٣–١٩٨٨فرانس ڤان ئانرات چانسێكی كەمی هەبووە كە باسی ئەوەی بكردایە كە چەكەكانی ئەو دەورێكی گرنگیان نەبووە لە تاوانی چەنگ و تاوانی جینۆساید دا.

–لە مانگی مارتی ١٩٨٨دا ڤان ئانرات وێنەكانی پەلاماردانەكانی هەڵەبجەی بینیوە. لەوێدا ئاشكرایە كە ژمارەیەكی زۆر منداڵ و ژن بوونە قوربانی ئەو پەلامارە بە چەكی كیمیایی، ئەو بۆ جاری یەكەم ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ ئەوەی كە بەو چەك و مادانەی ئەو ئەم پەلامارەكراوە و ئیمكانی بووە.

–بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەمەی زانیوە وەبینیوە فرانس ڤان ئانرات لە بازرگانی و كارەكانی خۆی نەوەستاوە وەبەردەوام بووە، ئەو لەمانگەكانی شەش و دواتریش زۆرجار چووەتە عێراق وە بەلایەنی كەمەوە تا مانگی دیسامبەری ١٩٩٨ بەردەوام بووە لەسەر بازرگانی و كارەكانی لەگەڵ كۆمپانیای (سیۆرغی عێراقی) تاگرتنەكەی لە ئیتالیا، تاوانبار بەلانی كەمەوە تا مانگی ئۆگستی ١٩٨٨ ماددەكانی داوە بەسیۆرغی و بەو مادانەش چەك بەرهەم هاتووە، ئەو بە لایەنی كەمەوە نزیكەی نیوساڵ دوای مارتی ١٩٨٨ بەهەمان گوڕو هەڵپەوە خەریكی بازرگانی و پەیداكردنی ماددەكانی كیمیایی بووە بۆ عێراق، لەوانە داواكاری و ڕێكخستنی و بەڕێ كردنی گازی (تی دی جی) بۆ عێراق، ڕێگەی نوێ دۆزینەوە بۆ بەڕێ كردنی ماددەكان و فێڵكردن لە دەزگاكانی كۆنتۆڵ و گومرگ، تەزویكردنی دۆكومێنتی ماددەكان، ناوی بەدرۆ و ناڕاست دۆزینەوە بۆ گازی

(تی دی جی)، گۆڕینی مەسیری بازرگانیەکان بەڕێگای زۆر سەیر و نائاسایدا، ئەو تا مانگی شەش و حەوتی ١٩٨٨ سەرپەرشتیاری کردووە و دەمسپی شەریکەی (سیۆرگی) بووە و مامەڵەی بۆیان کردووە وە پارەی لەپای ئەم کارانەی وەرگرتووە.

– پاریزەری گشتی پێی وایە کە ئەوان بە شێوەیەکی یاسایی وە یەك لاکەرەوە ئەوەیان سەلماندووە کە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات تاوانبارە بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا لە عێراق و جینۆسایدی خەڵکی کورد لەساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا، هەروەها هاوکارە لە تاوانی شەڕدا کە لە دژی خەڵکی ئێران کراوە لەساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨.

– ئێمە لە داخوازی نامەکەماندا کەپێشتر داومانە و پلەی گەورەیی ئەو تاوانەمان ڕوونکردۆتەوە، وە ناشمانەوێت لێرەدا ئەوە دووبارەبکەینەوە، بەڵام پەنچە دەخەینە سەر ئەوە و لەسەر ئەوە جەخت دەکەین، کە هەڵس و کەوتەکانی تاوانبار وە تاوانەکە زۆر ئاشکرا و بێئەملاوئەولایە و گەورەیە کە شایانی گرانترین و توندترین سزایە، ئەگەر ئەو تاوانە ١٥ ساڵیش بێت، ئێمە لامان وایە کە سزایەکی گران کە لەگەڵ ئەم تاوانەدا بێتەوەو هێمایەکیش بێت بۆ ئەوانەی کە ئەم کارە نابەجێیانە دەکەن، دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ سزایەك قەرەبوو یان بەرانبەر ناوەستێت لەگەڵ قەبارەی ئەو هەموو قوربانیە و ئەو هەموو زیانانەی کە بەرئەنجامی ئەم تاوانەن).

وێڕای ئەوەی دادگا بڕیاری سزایەکی زیاتری بۆ فرانس ڤان ئانرات بڕیەوە لەو سزایەی کە پێش پێداچوونەوەکەبوو کە لە ١٥ ساڵەوە بووبە ١٧ ساڵ و هەمان دادگاش لەسەر ئەوە دوودڵ نەبوو کە هێمای زۆر بەهێزهەن بۆ جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش کە پەیوەندی تاوانبار لەدادگای عێراقدا لە ١٩-١٢-٢٠٠٦دا زیاتر ڕوون بوەوە لەگەڵ سابر دوری و عەلی حەسەن مەجیدا و نامە تایبەیەکەی فرانس بۆ سەدام و ڕوونکردنەوەی ئەوەش کەتاوانبار بۆ دەزگای مخابراتی عێراقی کاری کردووە، کەمترین گومانی هێشتەوە، بەڵام بەو هۆیەی کە دادگا بۆسزادانی تاوانبارێك پێکهاتووە و بەتایبەتی بۆ مەسەلەی جینۆساید کە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە پێك نە هاتووە بۆیەلەبارەی مەسەلەی جینۆسایدەوە نەیتوانی بڕیاربدات، وێڕای ئەوەش ئەم دۆزە هێشتادا دانەخراوەو هەروو لا داوای پێداچوونەوە لەداگای باڵادەکەن و دادگای مەدەنی و ئەو لایەنانەی تر کەدەوریان هەبووە لەم تاوانەدا وەك کۆمپانیاو کەسایەتی

سیاســی و بازرگانیــەكان دوای بڕیارەكــەی دادگــای بــالاَ هــەنگاوەكانی داوتریــان دەردەكەوێت.

**دەوری بازرگان و كۆمپانیا بیانیەكان لە جینۆسایدی خەڵكی كوردستاندا**

پــرۆژەی بەرهــەم هێنــانی چــەكە كیمیاویــەكانی عێــراق تــازەنین، بــەعس هەرلەسـەرەتای هاتنەسـەركاریەوە پـرۆژەی هـەبووە، هـەموو لێكۆڵینـەوەكان لەسـەر ئەوە یەكدەگرنـەوە كـەعێراق لەسـەرەتای سـالاَنی ١٩٧٠وە كـاری كـردووەو لەتاقیگـە تایبەتیەكانـدا خـەریكی گەشـەپێدان ودروسـتكردنی چەكە كیمیـاوی و بایەلۆژیـەكان بووە، لـەدوای ١٩٧٤ توانیویـەتی بـەبڕێكی كـەم ئـەم گازەبەرهـەم بێنـێن ، ڕێكخـراوی (كامیپنی دژی بازرگانی چەك لەهۆڵەندا لەلێكۆڵینەوەیەكی تێروتەسەلدا كە لـەكتێبی هۆڵەنـداو ئەوچــەكە كیمیاویانــەی كــە بــەعێراق دراون) زۆر بــەوردی لــەم بــارەوە لێكۆڵیەنـەوەیان كـردووە لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا بـاس دەكـات كـە عێـراق دوای میسر خـەریكی برەوپێدانی ئـەم گازانـەبووە، بەتایبـەت كەمیسر لەشـەڕدا لەبەرانبـەر یەمـەن ئەوگازانــەی بــەكارهێنا لــەكۆتایی ســالاَنی شەســتدا و دەوری گرنگــی ئــەم چــەكە لەشەڕدا بۆ ڕژێمی عێراق دیاربوو، هەر لەم لێكۆڵینەوەنەشدا دەردەكەوێت كە میسر لــەدونیای عەرەبــدا دەوری زۆر گرنگــی بینیــووە لــەهاوكاری مــەوادو تــەكنیك و پـسپۆڕدا، لەگەشـە پێـدان و بەرهـەم هێنانـدا، عێـراق لەسـەرتای سـالاَنی هەشـتادا توانای ئەوەی هـەبووە كەبە ڕێژەیـەكی دیـاری كـراو گـازی گـازی ئەعساب بەرهـەم بهێنێت، ئەم بەرهـەم هێنانە لە سەرەتاوە لەكۆمپانایایـەك یـان پرۆژەیـەك بەنـاوی- الحـازن بـن الحیتم- و كە لـە شاری مسەنا بـووە كە بە بەشێكی گرنگی و تایبـەتی پرۆژەكانی ئەوشـارە پیـشەسازیەی عێـراق بـووە، هەنـدێك سەرچاوەباسـی ئەوەدەكـەن كـە ئـەم كۆمەڵگاپیشەسازیە بەیـەكێك لەگـەورەتین كۆمپانیاكـان دەنـراوە لـەدونیادا بۆ بەرهـەم هێنانی چەكی كیمیـاوی لـەدونیادا، سـەرجەم بەشـەكان كـەل و پەلـەكانی و لـەوڵاَتانی دەرەوەو ڕۆژئاواوە هینراون لەلایەن بازرگان و كۆمپانیاكانەوە.

دەكرێت بەكارهێنانی ئەوگازانە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لەجەنگدا بەم شێوەیە كورت بكەینەوە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت كە لە هەندێك لەدۆكومێنتەكانی سریەكانی تاقی كردنەوەی ئەم چەكانە باس لـەوەدەكات كـە بۆ چـەندین جار ئـەم چـەكانە لەسـەر گیراو و دیلەكان و زیندانیە سیاسیە كوردەكان تاقی كراوەتەوە.

| ساڵی بەکارهێنان | جۆری گازو ناوچەکە |
|---|---|
| ساڵی ١٩٨٠ و ١٩٨١ | گازی ئەعساب لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا ناوچەی ئەهواز |
| ساڵی ١٩٨٢ | گازی ئەعساب لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا |
| ساڵی ١٩٨٣ | تاقی کردنەوەی گازی کیمیاوی لەسەر زیندانیە کوردەکان، بەکار هێنانی گازی مۆستەرد لە ناوچەی حاجی هۆمەران، بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەناوچەی پێنجوین |
| ساڵی ١٩٨٤ تاساڵی ١٩٨٦ | بەکار هێنانی گازی کیمیاوی لە دورگەکانی مەجنوون، گازی تابوون لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا بۆیەکەم جار، بەردەوام بەکار هێنانی ئەم گازانە لەبەرەکانی شەڕداو ئاشکرابوونی ئەم کارە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاگادارکرنەوەی عێراق لەم بارەیەوە |
| ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٨٧ | کیمایاباران کردنی ناوچە کوردیە سنوریەکانی ئێران بە گازی تابوون و ئەعساب لەوانە سەردەشت، بانە،مەریوان،زەردە،و ناوچەشاخاویەکانی تر |
| ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٨٨ | بەکار هێنانی بەشێوەیەکی فراوان گازە کیمیاویەکان (سارین، تابوون، گازی ئەعساب، سیانید) دژی دانیشتوانی کورد و دێهاتەکان (ناوچەکانی دۆڵی بالیسان، هەموو ناوچەکانی ئەنفالی یەک تا هەشت و دێهاتەکانی، لەناو ئەوانەشدا شاری هەڵەبجە.) |

عێراق ئەو وڵاتەی کە سامانێکی گەورەی هەیەو، خەزنێکی زۆری نەوتی هەیەو لەوساڵانەدا ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ١٨ ملوێنی تێپەڕنەدەکرد و ناردنە دەرەوەی نەوتی یەکجار بەرزبوو و سەروەت و سامانی یەکجار زۆر بوو ئەگەر لەبەرانبەر ژمارەی دانیشتوانەکەی بیپێوین و سەیری بکەین!

ڕژێمی بەعس باوەڕی بە مانەوە لەدەسەڵاتدا هەتا مردن هەبوو، بۆ ئەمەش پێویستی بە باشترین سوپاو نوێترین چەك هەبوو بۆ خۆپاراستن لەبەرانبەر هەموو دوژمنێکی دەرەکی و ناوەکیدا، لەزۆر دۆکومێنتدا دەردەکەوێت کە سوپاو هێزە تایبەتیەکانی عێراق لە وڵاتانی ئەڵمانیاو فەرەنساو ڕوسیاو ئەوروپاو ڕۆژهەڵات بارهێنراون و ئامادەکراون، لەدۆکومێنتەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە لەکاتی بۆمباباران و کیمیابارانی ناوچەیەکی کوردستاندا فرۆکەوانەکان فەرەنسی بوون وفرۆکە میراجەکانی عێراقیان لێخوڕیوەو فڕۆکەوانە عێراقەکانیان بەڕێوەبردووە لەکاتی هەڵمەتەکاندا، عێراق بۆ خۆ ئامادەکردن و بردنەوەی شەڕو هێشتنەوەی دەسەڵات لەدەستی ڕژێمی بەعسدا تۆڕێکی فراوان لە بازرگان و کۆمپانیاو وڵات ودەسەڵاتدارانی وڵاتانی لەپشتەوە بووە. وڵاتێك کە توانای ناوخۆیی بۆ بەرهەم هێنانی خۆماڵی زۆر نزمبووە، یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵگای پیشەسازی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی هەبووە لە دونیادا لە ساڵانی هەشتادا بازرگانەکانی چەکی کیمیاوی  پارچەکانی پرۆژەکان و مادەکیمیاویەکانیان لە یابان و سنگاپورو ئەمریکاو ئەوروپاوە بەڕێگەی جۆراوجۆردا بەندەری ڕۆتەردام، ئەنتوێرپن، عەقەبە، ئیتالیاو ڕێگای ئاوی و وشکانی تورکیاوە گەیاندۆتە عێراق.

لەناو ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی بازرگانیان کردوە دەتوانین چەند کاتیگۆریەك جیابکەینەوە، وڵاتانی عەرەبی و بەرژەوەندی سیاسیان لە مانەوەی ڕژێمی بەعس و بەرگری لێکردنی لەپای یەکێتی عەرەبی و  پارێزگاری لە دەرگای ڕۆژهەڵاتی دونیای عەرەبدا، لەبەرانبەر هێرشی دەوڵەتی ئێران و ئیسلام گەرای شیعیدا، ئەمە لە قۆناغی یەکەمدا بۆ هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکاشدا ڕاست دەردەچێت ئەوان لەقۆناغی یەکەمدا هەتا لە بەرانبەر ڕاستیەکانی بەکار هێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقدا لە نەتەوەیەکگرتووەکانادا چاووگوێچکەیان داخستووە، یۆست هڵتەرمانی هۆڵەندی ئەمریاکاناس و لە ئەمریکاژیاو لە کتێبە لەناوبانگەکەیدابەناوی(کارێکی ژەهراوی، هەڵەبجەو کیمیاباران) ئەم دۆزە هەتا ژێری گۆمەکە سەیردەکات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەپای کام بەرژەوەندیدایە کە  لەسەرەتای کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەمریکایەکان ودەزگای هەواڵگری سیناریۆی ئەوە بەڕێوەدەبەن کە گوایە هەڵەبجە لەلایەن ئێرانەوە کیمیابارانکراوە؟!.

ئەوڕاپۆرتانـەی کـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەکاتی سـەردانە جیاجیاکانیانـادا لـە پرۆسەی چەکداماڵینی عێراقدائامادەکراون و هەروەها ئەو لیستانەش کە عێراق داوێتی بە نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەگـەڵ نامـەو دۆکومێنتـەکانی گـومرگی وڵاتـانی ئـەورووپی و بەشـێکیش لـەو زانیارایانـەی کـە کۆمپانایـا ئەورووپیـەکان داویـانن بـە وەزارەتـی نـاوخۆو پیـشەسازی وێنەیـەکی ناتـەواو بـەڵام کـەمێك ڕوون دەدات بەدەسـتەوە لەسـەر ئـەو کۆمپانیایانە و ئەو مادانـەی کەداویانـە، دۆزی تاوانبارای هۆڵەنـدی فـرانس ڤان ئانـارات ئەم وێنەیەی کەمێك زیاتر ڕوونکردەوە، وەزارەتـی داد زیـاد لەدووسـاڵ و نیـو لەسـەر ئـەم دۆزەو ئـەم کۆمپانایایانـە و کەسـایەتیەکان لێکۆڵینـەوەیان کـردووە مـن کەشانـسی ئـەوەم هـەبوو لەکۆمیتـەی بەدادگاگەیانـدی فرانـسدا کاربکـەم لـە زۆربـەی دانیـشتنەگرنگەکاندا بەشداربم و مافی ئەوەشم هەبوو کەهەندێك لەدۆزەکان سەیربکەم و بخوێنمەوە، وگـوێم لـە زۆربەی شایەدو لێکۆڵەرەوەکانی وەك واڵتەر بێك و سەفیری ئـەوکاتی هۆڵەنـداو کەسـانی تـر گرتـوو زۆربـەی ئەوانەشـم لای خـۆم یاداشـت کـرد، هـەموو ئەوانـەو لەگـەڵ ئەوانەشـدا کتێب و لێکۆڵینەوەکەی ئارنۆڵد کراسکێنس بەناوی (هیچ پەشیمان نیم)، کـە یـەکێك لـە باشترین لێکۆڵینەوەکانـە لەسـەر ڤـان ئـانرات و کۆمپانیاکـان ئـەو وێنەیـەیی کەباسـم کـرد زیـاتر ڕوون کـردەوە، بـەڵام هێـشتاش زۆر بەشـی وونـەو هـەر بـە وێنەیـەکی ناتـەواو دەمێنێتەوە، من لەسەر هەموو ئەو ڕاپۆرت و داتایانـە ئـەتوانم زانیـاری و خشتەیەکی بـەم جۆرە ببخەمەڕوو.

**<u>وڵاتـی میـسر</u>:** سـەرجەم ئـەم کەرەسـانەی کـە لەمیـسرەوە چـوون بـەناوی(ئـەبوزابل) کەڕەنگە کۆمپانیایەکی سەربەدەوڵەت بێت تۆمارکراوون.

| جۆری مادە و کەرەسە | بڕ بە تەن/ مەتری | کام گازی لێدروست دەکریت |
|---|---|---|
| PCL3 | 500 | mustardgas and Sarin |
| TMP | 700 | Sarin |
| HF | 225 | Sarin |
| NaCn | 200 | Tabun |
| IP | 300 | Sarin |
| KHF2 | 200 | Sarin |
| KF | 275 | - |

**وڵاتـــی هنــد:** سـەرجەم ئـەم كەرەسـانەی كـە لەهنـدەوە چـوون بـەناوی(ئێكـسۆمێت پلاستك) كەرەنگە كۆمپانیابێت تۆماركراوون.

| جۆری مادەو كەرەسە | بڕ بە تەن/ مەتری | كام گازی لێ دروست دەكریت |
|---|---|---|
| PCL3 | 300 | mustardgas and sarin |
| POCL3 | 250 | Tabun |
| NaCn | 50 | Tabun |
| Chloro | 192 | VX |
| ethanol | 250 | VX |
| P2S5 | 1000 | mustardgas and sarin |
| SOCL2 | 1 | Sarin |
| Cyclo-hexanol | 300 | Tabun |
| DMA-HCL | | |

**دوبـەی/ سـنگاپور:** ئەمـە كۆمپانیایەكـە كـە لەودووڵاتـە كـاری كـردووە بـە نـاوی(كـیم الخلیج) و ئەم مادانەی داوە بە عێراق:

| جۆری مادەو كەرەسە | بڕ بە تەن/ مەتری | كام گازی لێ دروست دەكریت |
|---|---|---|
| Di-isopropylamine | 200 | VX |
| SOCL2 | 950 | mustardgas and Sarin |
| PCL3 | 3300 | mustardgas and Sarin |
| HF | 1,5 | Sarin |
| Morpholine | 15 | VX or Sarin |
| Triethylamin | 48 | VX or Sarin |

**وڵاتانی ئەوروپی:**

| | | ئەڵمانیا |
|---|---|---|
| precursor Tabun | 30 | POCL3 |
| precursor Tabun | 10 | POCL3 |

| | | |
|---|---|---|
| precursor CS | 10 | O-Chlorobenzaldehyde |
| precursor Mustard | 25 | TDG |
| precursor Mustard | 50 | TDG |
| precursor CS | 50 | O-Chlorobenzaldehyde |
| precursor VX | 39 | EtO |
| precursor VX | 50 | i-isopropylamine |
| precursor Mustard and Sarin | 5,12 | PCL3 |
| precursor Sarin | 15 | TMP |
| precursor Sarin | 15 | TMP |
| precursor Sarin | 15 | TMP |
| precursor Tabun | 10,26 | . POCL3 |
| precursor Tabun | 13,68 | POCL3 |
| precursor Tabun | 3,04 | POCL3 |
| precursor Tabun | 20 | NaCN |
| precursor Tabun | 16 | NaCN |
| precursor Sarin | 20 | KHF2 |
| chemical precursor | 20 | NaF |
| chemical precursor | 22,5 | NaF |
| chemical precursor | 20 | NaF |
| chemical precursor | 2 | NaF |
| chemical precursor | 17,6 | NaF |
| precursor Sarin | 50 | Cyclohexanol |
| precursor Sarin | 100 | Cyclohexanol |
| precursor mustardgas and Sarin | 32 | PCL3 |
| chemical precursor | 52,8 | NaF |
| chemical precursor | 54 | NaF |
| precursor Sarin | 38 | KHF2 |
| precursor Tabun | 60 | DMA-HCL |
| | | **وڵاتی لوکسمبۆرگ** |
| =Frans van Anraat | | Oriac Int. |
| precursor mustardgas, bought from Alcolac, see USA | 650 | TDG |
| | | **وڵاتی هۆڵەندا** |
| precursor mustardgas | 50 | TDG |

| | | |
|---|---|---|
| precursor mustardgas | 250 | TDG |
| precursor mustardgas | 100 | TDG |
| precursor mustardgas | 500 | TDG |
| precursor mustardgas (suspected) | 500 | TDG |
| precursor mustardgas and Sarin | 50 | SOCL2 |
| precursor mustardgas and Sarin | 100 | SOCL2 |
| precursor mustardgas and Sarin | 250 | SOCL2 |
| precursor Sarin | 20 | TMP |
| precursor Sarin (suspected) | 500 | TMP |
| precursor Tabun | 100 | DMA-HCL |
| precursor Tabun | 100 | DMA-HCL |
| precursor Tabun (suspected) | 10 | DMA-HCL |
| precursor Tabun (suspected) | 100 | DMA-HCL |
| precursor Tabun | 100 | NaCn |
| precursor Tabun | 500 | NaCn |
| precursor Sarin | 100 | IP |
| precursor Sarin | 150 | IP |
| precursor Sarin | 100 | KHF2 |
| precursor CS (suspected) | 7 | O-Chlorobenzaldehyde |
| precursor CS | 14,4 | Malononitril |
| precursor mustardgas | 500 | TDG |
| precursor mustardgas and Sarin | 100 | SOCL2 |
| precursor mustardgas and Sarin | 750 | SOCL2 |
| precursor mustardgas and Sarin | 1000 | SOCL2 |
| precursor mustardgas and Sarin | - | SOCL2 |
| precursor Sarin | 5 | HF |
| precursor Sarin | 150 | IP |
| precursor Sarin | 100 | KHF2 |
| precursor Sarin | 20 | KHF2 |
| precursor CS (suspected) | - | O-Chlorobenzaldehyde |
| | 600 | KI+CH2CL2+Chloramin T |
| | 600 | CH2CL2 |
| | | **وڵاتی ئیسپانیا** |
| *production equipment* | | *I.T.E.* |

| | | |
|---|---|---|
| *out of business/location unconfirmed* | | |
| **وڵاتی سویسرا** | | |
| precursor mustardgas (suspected) | - | TDG |
| | 0,6 | 3-hydroxy methyl |
| **ئەو مادانەی کە فرانس ڤان ئانرات کڕیونی لەڕێگەو بە هۆی کۆمپانیا سویسریەکانەوە** | | |
| precursor mustardgas and Sarin | 50 | PCL3 |
| precursor Sarin | 100 | TMP |
| precursor Sarin | 56 | TMP |
| precursor Tabun | 130 | POCL3 |
| precursor Tabun | 250 | POCL3 |
| precursor Tabun | 250 | POCL3 |
| precursor Sarin | 200 | HF |
| precursor Tabun | 5 | Dimethylamin |
| precursor mustardgas | 400 | TDG |
| precursor mustardgas | 350 | TDG |
| precursor Sarin | 5 | DMMP |
| *production* | *production equipment*<br>*equipment*<br>*production equipment* | *Georg Fischer*<br>*Sulzer*<br>*Frans van Anraat* |
| **وڵاتی بەریتانیا** | | |
| out of business/location unconfirmed | | Sigma |
| - | - | Lab. Chemicals |
| lab equipment | | BDH |
| **وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا** | | |
| | | Alcolac |
| by Frans van Anraat | | TDG |
| | | Al Haddad |
| precursor Sarin (suspected) | | DMMP |
| - | unknown chemical | |
| unconfirmed. lab equipment | Lummus | |

ئەم زانیاریانەی سەرەوە لەتی شکاوی ئەو ئاوێنانەن، کەپڕن لە زانیاری وورد و تۆڕێکی نەهێنی و شەیتانی بەیەکەوەیان ئەبەستێت، ئەو تۆڕە تێکەڵ بە دەزولە خوێنەکانی قوربانیەکان دەبێت، پتر لە ١٨٠,٠٠٠ قوربانی، ئەم چەکە کوشندەیە هەرئەوەنەبوو خەڵك لەناوبەرێت، وەك هڵتەرمان لەکتێبەکەیدا باسی کردووە تۆقاندن و شکاندنی عەزمی خەڵك و خۆبەدەستەوەدانیان بووە بە سەربازو جاشەکان و ئەوانیش لەبیابانە دوورەدەستەکاندا گووم ناوو سەرنەگونیان کردوون، سەرجەمی ژینگەی وڵاتێك پیس بووە ئاوی ژێرزەویەکەشی پاك نیە، کانیاوەکانی وێرانەو هەزاران بریندارو نەخۆش بەدەست برینەکانیانەوە دەناڵێنن، منداڵانی ئەم ناوچانە ناساغ و نەخۆشن، ژنان سەرەتانیان زیاترە لەناوچەکانی تر، باری دەرونی ئەوانەی کا تێدانەچوون دەتوانرێت حسابی قوربانیان بۆ بکرێت، پرۆفیسۆر ئا.ئەندریکس، کە یەکێکە لەوانەی یەکەم کەسە کەچۆتە هەڵەبجە دوای کیمیابارانی و خاك و خۆڵی هەڵەبجەو قژی منداڵانی تێداچوو و پارچە قومبەلە لە تاقیگەیماڵەکەیدان و خۆی زۆریك لەوقوربانیانەی دواتر لەشاری خێنتی بەلجیکا تیمارکردووە، کە ساڵێك لەمەوبەر سەردانم کردوو نزیکەی ٤ کاتژمێر گفتوگۆمان کرد ئاوا باسی ئایندەی قوربانی و بیمارەکانی بۆ کردم، ئەوانەی ڕاستەوخۆو هەمان چرکە دەمرن بەختەوەرترن لەوانەی بەم نەخۆشیە بیٚ دەرمانەوە بە زەلیلی ژیان دەبەنەسەر!

کەسانێك کە ڕنگەسەریان لەهیچ لەو زانیاریانە دەرنەچووبێت وەنەیان توانیبێت سەر لە ئەلف و بێی کیمیاو تەکنیك دەربکەن و خۆیان وەك پێغەمبەرێکی بە دەسەڵات لەکوێرە دێیە دورەدەستەکانی کوردستان، و لەپاڵ شاخ و بن درەخت و پەنا قایمەکاندا کە لە فڕۆکە و تۆپباران و چەکە تەقلیدیەکان ڕاهاتبوون و پێیان وانەبوو بایەك بێت و هەموو ببنە قوربانی بۆگەنی سیرو سێوەکانی وڵاتی ڤانکۆخ، تەکنۆلۆجیای ڕۆژئاواو قازانج پەرستی بازرگان و خاوەن سەرمایەکان، لەبەرانبەر ئەم تاوانەدا چ ماف و قەرەبوو کردنەوەیەکی مادی و مەعنەوی دەیانگرێتەوە، هڵتەرمان لە گفتوگۆیەکدا لەگۆڤاری میکیاڤیلیستەکاندا دەڵێت وڵاتەنی ڕۆژئاوا هاوتاوانن یان دەستیان هەیە لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا، هەربۆیەش ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانیان هەیە لەبەرانبەر قوربانیەکان وخەڵکی کوردستاندا، من تەنها زیادەیەك لەسەر بنەمای ئەومشتە زانیاریە دەخەمە سەر خەرمانی زانیاریەکانی تر، بەعس و دەوڵەتی عێراق دەمێك بوو پلانی

لەناوبردنی خەڵکی کوردستانیان هەبوو و لەهیچ شەڕو ناڕەزایەتیەکدا دژ بەم ڕژێمانە، هیچ کات جیاوازی نێوان کەسی مەدەنی و هێزی چەکداریان نەکردووە.

نەك هەرئەوە ژینگەو سەروەت و ئاژەڵی کوردستانیش لەم ژیان کوژیە بێبەش نەبوون.لەکاتی کیمیاباراندا شایەدەکان باسدەکەن کۆتر و چۆلەکەکان پێش مرۆڤەکان لەفرین دەکەوتن و گیانیان لەدەست دەدا، کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی خەڵك و خاك و ژیان لە کوردستاندا هەرگیز بە بێ هاوکاری کۆمپانیاو بازرگانەکان و تەکنۆلۆژیای وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیمکانی نەبوو و خەسارەتی گیانی وماڵیش قەت بە پشت بەستن بەچەکە تەقلیدیەکان نەدەگەیشتە ١٪ ئەم زیانانە.

*سەعدولاَ فەتحی: .یەکێك لە بەرپرسانی دەزگای بەرهەم هێنانەکەنی چەکە بەکۆمەڵ کوژەکانی عێراق بووە.

** سیۆرغی: شەریکەیەکی ڕوکەش بووە کە بۆ شاردنەوەی ناوی کۆمپانیای بەرهەم هێنانی پیشەسازی و پیشەسازی جەنگی بووە.

## سەرچاوەکان:


١- ساڵنامەی ئەنفالستان.

٢- ساڵنامەی هەشتاوهەشت ژمارەکانی(٤و٥، ٦و٧)

٣- جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا-د.مارف عومەر گوڵ.

٤- وەرگێڕدراوی دەقی بڕیارەکانی دادگای لاهای لەدۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانارتدا

http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=category&sectionid=5&id=14&Itemid=26-Nederland en de Chemische wapens van Irak—Campagine tegen wapenhandel

http://www.stopwapenhandel.org/publicaties/boekenbrochures/Irakrapport.pdf

5- -Geen cent spijt –Arnold Karskens٦-Revu-Nr.51

6- -Iraq's en crime of genocide –Human rights watch/middle east

7- - De Telgraaf Donderdag 10-mei-2007 (Van Anraat 17 jaar cel)

8- -Trouw-62ste Jaargang nr.18306

9- -Rechtbank's- Gravenhage Sector srafrecht Prcers-verbaal trechtzitting

10- -Wikipedia --http://nl.wikipedia.org/wiki/Genocide

-Mediacl Experiences of Iraq's Chemical warfare –A.Foroutan™